كۆڕی بەڕێز/ شێروان حەیدەری

# بابەت" خوێندنەوەیك لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان "

2006/11/7

یەك لەخاڵە هەرە گرینگەكانی كە قسەوباسی لێ دەكرێت نسبەی مافی چارەی خۆنووسینە واتا "حق تقریر مصیره" خۆتان دەزانن ئەگەر هاتوو ئێوە تەماشای دەستووری هەمیشەیی عێراق بكەن لە دەستوورەكە هیچ ئیشارەتەكی تێدا نی یە بۆ مافی چارەی خۆنووسین جگە لەوەی ئیعتراف بەسوڵتاتی ئێمە دەكات تەشریعی تەنفیزی ئیعتراف بەقوانینی ئێمە دەكات لە 92 وە هەتا ئێستا بەڵام مەسەلەی چارەی خۆنووسین سیستەمێكی تێدا نی یە. سیستەمی فیدراڵی ئیشارەتی پێ دەدا. بەڵام لە ناوەرۆكی دەستوورەكە هیچ ئیشارەتێك لە بۆ "حەق تقریر مصیر" تێدا نی یە ئەوەی هەیە نی یە كە ئێمە تەمەسوكمان پێ كردووە، فەقەرەی كۆتایی لەدیباجەی دەستووری عێراقی كە دەڵێ ئەگەر هاتوو ئێمە بمانەوێ عێراق یەكگرتوو بمێنێ ئەبێ ئیلتیزام بەو دەستووره بكەین واتا مەفهومی مخالەفەكەی ئەوەیە قانوونەن ئەگەر هاتوو ئیلتیزام بەو دەستووره نەكرا مەعنای وایە عێراق بەیەك پارچەیی نامێنێتەوە لێرەش حەز دەكەم ئەوەتان بۆ ڕوون بكەمەوە فوقەهای قانوونی دەستووری دوو ڕەئیان هەیە، ڕەئیەكیان كە زۆربەی هەرە زۆریانە دەڵێن دیباجە بەشێكە لە دەستوور وەهیچ تەزجیئە ناكرێ لەبەر ئەوەی فەلسەفەی دەستوورەكە لەناو دیباجەكە دایە. كە ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕەئیەین بە ڕاستی ڕەئی دووەم كە ڕەئیەكی زۆر لاوازە دەڵێ نەخێر دیباجەی دەستوور عیلاقەی بەبنودی دەستوور نی یە ئێمە بەحەقیقەت ئەگەر هاتوو سەیری مادده 8 بكەین لە پرۆژەی دەستوورەكە بەڕوون و بەئاشكرا حالەتەكانمان دیاری كرددوە. كە چ وەختێك وە چ كاتێك گەلی كورد لە كوردستانی عێراق مافی ئەوەی هەیە كە چارەنووسی خۆی دیار بكات.

یەكەم، حالەت ئەوەیە پاشگەزبوونەوە لە سیستەمی فیدراڵیدا واتا هەر پاشگەزبوونەوەیەك لە سیستەمی فیدراڵی كە گەلی كورد لە كوردستانی عێراق ممارەسەی ئەو حەقە بكات.

دووەم، ئەگەر هاتوو بنەماكانی دیموكراتیەت و مافی مرۆڤ ڕێزی لێ نەگیرا لەعێراق بەگشتی لەعێراق لێرەدا گەلی كورد لە كوردستانا كە مومارەسەی ئەو حەقە بكات.

سێ یەم: بەردەوام بوون لەسەر تەغیری واقعی دیموغرافی لە كوردستان دەبێتە مایەی ئەوەی كە دیسان ئەو حەقە مومارەسە بكرێت لەلایەن گەلی كوردستانەوە.

چوارەم: پاشگەز بوونەوە لەجێ بەجێ كردنی مادده 140 لە دەستوور ئەوە دەبێتە ئەوەی كە ئەو حەقە مومارەسە بكرێ بەقەناعەتی شەخسی خۆم بە رەئی شەخسی خۆم وە ئەوەی ئیتیلاعم هەیە لەسەر كەسایەتی ئەو وڵاتانەی كەمومارەسەی حەقی تەقریری مەسیریان كردووە شەرت نی یە لەدەستووری ئیتیحادی واتا دەستووری هەمیشەیی وڵاتی ئیتیحاد مافی چارەی خۆ نووسین وە لە دەستووری عێراقیش گەلی كوردستانمان مەنع نەكردووە. واتا ئێمە دەتوانین بەناو بكەین ئەگەر حالەتی وا ڕوویدا. پەنا ببینە سەر میساقە نێو دەوڵەتیەكان كە مومارەسەی ئەو حەقەی بكەین جگە ئەو فەقەرانەی كە لە پرۆژەی دەستوور هاتووە مەسەلەی دووەم كە دەمەوێ بۆ ئێوەی بەڕێز ڕوون بكەمەوە بەحەقیقەت مەسەلەی سنووری كوردستانە سنووری كوردستان ئەگەر تەماشای مادده دوو بكرێ پرۆژەی دەستوورەكە لەبەردەم تانە دەڵێ دوو جۆرە سنوورمان داناوە سنوورەكمان داناوە كە مێژوویيەن ئەو ناوەرۆكەی كوردستانە كە ئیعتیماد لەسەر ئوسوسی جوگرافی دەكات ئەمە یەك دووەمیش لەدەست نیشان كردنی ئەو سنوورە ئیعتیماد دەكەینە سەر مادده 140 لەدەستووری عێراقی وە كە ئەویش هەتا ئێستا متعلقە وە سەرەتایەكی بۆ دانەنراوە بۆ ئیش كردنی ئەوەش بەنسبەت سنوور بەنسبەت نەوت و بەنسبەت گاز بەحەقیقەت ئەگەر تەماشای دەستووری عێراقی بكەین دەستووری عێراقی بەحەقیقەت لەئیختیساساتی ئیتیحادی ئیشارەت بەو مەسەلەیە نەكرا نیهائییەن ئەگەر تەماشای

دەسەڵاتەكانی مشتەرەك بكەین لەدەسەلاتە مشتەرەكەكان ئیشارەتی پێ نەدراوە بەڵام دوو ماددەی راستەوخۆ لە دەستوورەكەدا هەن ماددەی یەكەمیسان دەڵێ ئێستا ئیدارەی مشترەك دەكرێ نێوان دەوڵەتی هەرێم و نێوان دەوڵەتی ئیتیحادی واتا ئیدارەكی مشتەرەك هەیە بەنسبەت ئەو چارەی كە قائیمە فعلەن پێش فەصل كردنی دەستوور واتا 2005/10/15 ئەوە ماددەكی مستەقلی بۆ هاتووە وە بەسەراحەتەن هاتووە. دوو ڕەسمی سیاسی ستراتیجی نەوت پەرە پێدانی گازو نەوت دووبارە هەر دەبێ بە موشتەرەك بێ بەینی سوڵتەی ئیتیحادی وە بەینی سوڵتاتی هەرێم بەڵام ئەگەر بێ ی مەفهوومی موخالەفەی هەردوو ماددەی ئیستنتاجاتی خۆی لێ سەرف ناكەی واتا دەتوانی بڵێ ی ئەو بیرانەی كە قائیم نینە دووای 2005/10/15 لە كوردستان دێتە بەرهەم هەر لەرۆژی هەڵكەندنەوە تا تەصدیر ئەوە ئەبێ لەژێر كۆنترۆڵی حكوومەتی هەرێمی كوردستان بێ كە ئێستا خۆتان زۆر باش دەزانن كێشەی لەسەرە وە ڕەنگە كێشەكە زیاتر بێ دوا قەرار قەراری مەحكەمەی ئیتیحادییە كە یەك لای ئەو مەسەلانە بكاتەوە مەسەلەی پێشمەرگە هەر وەكو هەموو لایەكتان دەزانن مەسەلەیەكە لە دەستووری ئیتیحادی هاتووە. بەڵام بەناوی پاسەوانی هەرێم ئێمە پاش ئەوەی كە لەگەڵ ئاڵ و گۆڕی بیرو ڕامان كرد صیغەیەكمان دیتەوە ئەو صیغەیە پێمان مەفهووم بوو ویستمان بەڕاستی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لەناو یەكەم دەستووری هەرێمی كوردستان لەعێراقدا وە ئەو ناوە دەبێ بمێنێ. ئەگەر دوێنێ پێشمەرگە بەرگری لە دەستكەوتەكانی گەل دەكات بۆیە پێشمەرگەمان كردە هێزەكی بەرگری بۆ پاسەوانی هەرێم بەو شێوەیە ناوی پێشمەرگەمان بەماددەیەكی مستەقیل لەناو دەستوورەكەدا دیاری كردووە. بەنسبەت یاساكانی هەرێم و یاساكانی سوڵتاتی ئیتیحادی تەبیعی ئەگەر دەستووری عێراقی بخوێننەوە سوڵتاتی ئیتیحادی دەسەڵاتەكانی خۆی دەست نیشان كراوە، لەهەمان كاتدا سوڵتاتی ئیقلیمی سوڵتاتی ئیتیحادی دەسەڵاتە مشترەكەكانیان دەست نیشان كرا وە خاڵی سێ یەمیش لەو دەسەڵاتانە

هەمووی دەسەلاتی هەرێمە واتا هەر یاسایەكی ئیتیحادی دەربچێ لەعێراق لەزمنی ئیختیساساتی حەسری بێ هەرێمی كوردستانە خارجی ئیختیساساتی ئیتیحادی بیتن هەرێمی كوردستان بەرێگای پەرلەمانیەوە ئەتوانین ئەو یاسایە جێ بەجێ نەكات و پوچەڵی كاتەوە ئەمەش ئاستی یاساكانی كوردستان بوو لەگەڵ یاساكانی دەوڵەتی ئیتیحادی مەسەلەیەكی تر هەیە ئەویش گرینگە كە بۆیەكم جارە لەو دەستوورە هاتووە دروست كردنی مەحكەمەی دەستوور دروست كردنی مەحكەمەی دەستووری زەرورەتێكە لەهەر نیزامێكی فیدراڵیەوە بۆ ئەوەی بەڕێزتان سورەتەكی وازحتان هەبێ لەسەر مەحكەمەی دەستووری یەك لە ئەركە هەرە سەرەكیەكانی تەفسیری نصوص دەستوورە ئەگەر هاتوو خیلافی لەسەر نەكرێ. دوو موراقەبەكردنی ئەو یاسایانەی كە لەپەرلەمانەوە دەردەچێ ئایا ئەو یاسایانە موخالفی دەستوورە یان گۆڕانكاری سێ یەمین ئەركیشی ئەوەیە موراقەبە كردنی ئەو تەعلیمات و ئەو قەراراتانەی كە لەحوكمەت دەردەچی ئایا بزانی ئەوەش موخالەفەی هەیە لەوەی سەرەوە یان ناو لەو حالەتەشدا بەحەقیقەت سەرۆكایەتی هەرێم سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وە ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر هاتوو موخالەفەیەك هەبوو لەو مەسەلانە ئەوا دەتوانن تەعن لەو قانوونە بدەین كە موخالفی دەستوورە وە لەهەمان كاتدا وەكو موتەزەریر لەیاسایەك كە بەپێچەوانەی دەستوورە خۆی لەپێش ئەو مەحكەمەیە ساغ بكاتەوە وە زەرەر مەندیەكەی چی یەو چ نی یە بۆ ئەو مەحكەمەیە دەست نیشان بكا وەحەتا ئەگەر هاتوو دەعوایەكی ئیتیحادی لە مەحكەمە ئەگەر هاتوو تۆمار كرابوو لە ئەسنای سەیری مەحكەمەیەك لە ئەترافی تەعنی بۆ ئەوە كرد گوتی ئەو قانوونە موخالفی دەستوورە ئەبێ ئەو مەحكەمەیە بووەستی بەلۆغەتی قانوون بكەین بڵێین ئیستیخار دەعوە ئەو ئیستیخار دەعوایە دەبێتە مایەی ئەوەی كە ئەو ئیسباریە بچێتە مەحكەمەی دەستووری بۆ ئەوەی مەحكەمەی دەستووری بڕیاری كۆتایی لێ بدات خاڵەكی دیكەش هەیە مەسەلەی ئافرەتە مەسەلەی ئافرەتان

بەحەقیقەت هەر وەکوخۆتان دەزانن ئێمە محاولەمان کردووە بەقەدەری ئیمکان زەماناتێك بۆ مافی ئافرەتان دابین بکەین لە دەستوورەکەماندا بۆ بەعزە فەقەراتی ئێمە خیلافمان هەیە لەگەڵ بەغدا یەك لەوانە محاولەمان کردووە. کە خیلافمان هەیە لەگەڵ بەغدا ئەوەیە ئەوان ڕێژەی 25٪ تەنها لەپەرمان کە دەست نیشانیان کردووە کە لەو ڕێژەیە کەمتر نەبێ ئێمە لەدەستوورەکەی خۆمان گوتومانە ئەبێ هەمان ڕێژەلە مەجالسی محافەزات بێ وە هەمان ڕێژە لەمەجالسی بەلەدی بێ وە هەمان ڕێژە لە وەحداتی ئیداری کە مستەقبەلەن مەجالسیان دەبێ هەبێ یەك لەخیلافەکان ئەوەیە دوو موشارەکەی ئافرەت لەسەر ئەساسی موشارەکەی سیاسیە لەبەغدا ئێمە لە دەستوورەکەی خۆمان کردوومانە لەسەر ئەساسی موساوات وە دیفاعیشی لێ دەکرێت زۆر کەس هەیە دەڵێ ئەو ڕێژەی ئافرەتە کە ئێوە لە 25٪ کەمترتان داناوە کەمتر نەبێ داتانناوە تەعاروز دەکا لەگەڵ ئەو مەبدەئە بەڕەئی ئێمە ئەوە هیچ تەعاروزێك نی یە چونکە ئێمە دەڵێین لەسەر ئەساسی موساوات لەوێ دەڵێین لەسەر ئەساسی موساوات بەلام لێرەدا 25٪ کەمتر نەبێ وە ئەگەر 25٪ زیاتر بێ هەتا 100٪ مەجالی هەیە بۆیە ئەوە زەمانەتێکی تەواوکەرە. لە بۆ ئەو ماددانەی کەتەماشا بکەی کە لەدەستوورەکە بەناوی هاووڵاتی هاتووە موزەکەرو موئەنەس دەگرێتەوە ئەگەر ماددەکانیش هەمووی لەناو دەستوورەکە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دەست نیشان کراوە، وە جگە لەوەش ئێمە دەزگایەکمان داناوە دامەزراوە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە ئیفتیخاری ئەمانەتی خێزانی دەکەن لە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان. لەوێش بەڕاستی ئیشارەتمان پێ دایە کە چۆن بتوانن ئەو ئافرەتانە حیمایە بکەین وە نەهیزێکی گونجاومان بۆ داناوە مەسەلەی مەجلسی شوڕایە مەجلیسی شوڕا منای مەحکەمەی ئیداری پێشتر بەروانگەی تر تەماشای دەکرا, پێش ساڵی 90 مەحکەمەی ئیداری ئەو قەزایانە دەبینی کە حوکمەتی تێدا تەڕەفە بەڵام مەفهوومی ئێستای ئیداری بەو شێوەیە نی یە کە لە مەجلیسی شوڕا هاتووە بەڵکو یەك لە ئەرکەکانی ئەوەیە. ئەو کارمەندانەی کە لە حوکومەت دا ئیش دەکەن ئەگەر هاتوو ڕەئیسی ئەو دائیرەیە عقوبەیەکی دا یان ئەمرەکی ئیداری بۆ دەرکرد موتەعەسب بوو لە ئیستیعماری ئەو حەقە موتەزەریر بۆی هەیە کە کارمەندی ئەم دەزگایە شکایەت بکا لە مەحکەمەی ئیداری وە داوای تەعویزیش بکا وە داوای ئیلغای ئەو قەرارەش بکا.